




# مۆدە جوانەکانی کراسی کوردی

**وێنە: سایتی ئەرمانیم**

کراسەکان زیاتر خانمان جوانتر دەکەن، تەنانەت دەتوانن هۆکارێك بن بۆ ئەوەی ناسکی و رازاوەیی لە جەستەی خانمان دەربکەوێ، یەکێك لە مۆدە جوانەکانی جلوبەرگ بریتییە لە کراسی کوردی، ئەو مۆدەیەی لە سەرتاپای جیهان بە مۆدەیەکی جوان دەناسرێ و چەندین وڵاتی دیکە ئەو شێوازە بە ستایلێکی جوان ستایش دەکەن.

مۆدەکانی کراسی کوردی بە چەندین شێوەی رازاوە و بە نەخش ئامادە دەکرێن، گرنگترینیان ئەو مۆدانەن کە شێوەیەکی کراوە لە خوارەوە و تەسك بوون لە سەرەوە لە خۆ دەگرێ، ئەم شێوازە مۆدەیەکی جوان، بۆیە لە رێگەی کراسە کوردییەکان کە بۆ

## سەندڵ و پێڵاوەک



# کڵاو وەک ئێکسسوارێکی رازاوە



ئێکسسوارەکان بە گشت شێوازەکان جوانی لەسەر ستایلەکانی جەستەی خانمان دروست دەکەن، تەنانەت شێوازێکی تایبەت و جوان دەردەخەن، بۆیە دەکرێ لە رێگەی ئێکسسوارە ناسکەکان چەندین مۆدەی تایبەت و جوان ئامادە بکەین، یەکێك لەو ئێکسسوارنە کە بۆ دوو وەرزی ساڵ مۆدەی دەبێ، بریتییە لە کڵاوی سەر.

کڵاو یەکێکە لە ئێکسسوارە ناسکەکان، سوودێکی گەورەی هەیە لە وەرزی گەرما بۆ پاراستنی رووخسار و سەری خانمان لە تیشکی خۆر، لەگەڵ ئەوەشدا مۆدەیەکی تایبەت و جوان دەردەخات، شێوازی کڵاوی مۆدەی هاوین، لە کڵاوێکی سادە و تەنك دەبێ، هەروەها لە رەنگ و ستایلێکی کراوەدا دەردەکەوێ، بەمەش دەکرێ خانمان سوودێکی تایبەت لە کڵاو وەربگرن بۆ ئەوەی جوانیەکی کراوە بە جوانکاری بەشی سەرەوەی جەستە بدەن، گرنگ نییە رەنگەکان چۆن بن، کە ئەویش بە پێی جلەکان هەڵدەبژێردرێن.

# جوانی و گرنگی کریستالەکانی رووناکی ماڵ

دیکۆری ماڵ، لەگەڵ هەر کەرەستەیەك پێویستی بە کاری نوێکاری و تازەگەری دەبێ، ئەمەش لە رێگەی دانانی کەرەستە جوانەکان بەپێ جوانی و رازاوەیی لە هەر شوێنێکی ماڵ، بەمەش دەکرێ گشت لایەنەکان بە کەرستەی جوان و رازاوە دەربکەوێ، تەنانەت یەکێك لە ئێکسسوارەکانی ماڵ، سوودێکی گەورەی دەبێ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کاری جوانکاری بۆ ئامادە بکرێ، بە مەرجێك دەبێ لەگەڵ ئەو شوێنەدا بگونجێ.

یەکێك لە ئێکسسوارە گرنگەکان بریتیە لە کریستال و سورەییاکانی رووناکیی، وەك ئێکسسوارێکی رووناککەرەوە دادەنرێ، لەگەڵ ئەوەشدا بە دیکۆرێکی کراوە و ناسك دەردەکەوێ، دەکرێ کریستالەکان لە شێوەیەکی گەورە بن، لەگەڵ بوونی نەخشێکی تایبەت و جوان لە هەر لایەنێکی ئێکسسوارەکەدا، بۆیە دەکرێ ئەو ئێکسسوارە جوانییەکی رەها لە نێو دیکۆرەکانی ماڵ بەدی بکات.









یاد و بۆنە تایبەتەکان بە جوانترین شێواز دادەنرێ، گرنگی و جوانی کراسی کوردی لە رەنگ و ستایلی دورینی کراسەکەیە، بۆیە دەکرێ خانمان لە نزیکەوە وەك مۆدەیەکی رازاوە سوودی لێوە وەربگرن.

## ـــان بۆ خانمان


بە هاتنی وەرزی گەرما، مۆدەکان لە گشت بوارەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا دێ، بۆیە دەکرێ سوود لە مۆدە تازەکان وەربگرین ئەوانەی لەگەڵ ئەو وەرزە دەگونجێن، بە مەرجێك ستایلێکی تایبەت و جوان لە خۆ بگرێ، ئەمەش لە گشت کەرەستەکانی خانمان بەرپا دەکرێ، یەکێك لە کەرەستە تایبەتەکان بریتییە لە سەندڵ و پێڵاوەکانی خانمان. زیاتر مۆدەکانی پیلاوی هاوین و وەرزی گەرمایە، بریتییە لە مۆدەیەکی کراوەی ناسك، بەمەش زیاتر جوانی بە قاچی خانمان دەبەخشێت، زیاتریش ستایلی پێڵاوی پێش کراوە، واتە ئەوەی دوو پەنجەی پێشەوەی پێ دەردەخات، ئەمەش وەك مۆدەیەکی سەرنجراکێش و جوان دەردەکەوێ، بۆیە دەکرێ سوود لەم ستایلە وەربگرین بۆ ئەوەی مۆدەیەکی ناسك و رازاوە بێ لە مۆدەکانی سندڵ و پێڵاوەکانی خانمان.







# ماکیاژی یەک رەنگ بۆ چاوەکان



کاری جوانکاری بۆ چاوەکان پێویستی بە گرنگیدان و شێوازە ناسکەکانە، لەگەڵ ئەوەی مۆدەکانی ماکیاژی چاوەکان بە چەندین شێوازی تایبەت دەردەکەون، بۆیە دەکرێ یەکێك لە ستایلەکان وەربگرین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە جوانییەکی کراوە ببەخشێ، لەم رێگەیەوە دەکرێ شێوازێکی تایبەت لە مۆدەکانی ماکیاژی چاوەکان وەربگرین.

یەکێك لە مۆدە تازەکان بریتیە لە دانانی رەنگی پشت چاوەکان و رەنگی کل یان رەنگی سەر برژانگەکان لە هەمان رەنگ بێ، لەم ماکیاژە جوانییەکی کراوە و ناسك بەدی دەکرێ، چونکە دانانی هەمان رەنگ دیمەنێکی کراوە دەبەخشێ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە شێوازەکان جوانییەکی کراوە و ناسك دەربخات، بۆیە دەکرێ لەم مۆدەیە ماکیاژێکی تایبەت و یەك رەنگ دابین بکەین، ماکیاژی لەمجۆرە بە جوانییەکی کراوە و ناسك دەردەکەوێ.



# ئەمە هێلکەیە یان خانووە!



ئەگەر لە دوورەوە هێلکەیەکی گەورەتان بینی، ڕاستەوخۆ بیر مەکەنەوە لەوەی کە هێلکەیە، بەڵگەمان بۆ ئەو قسەیە ئەو هێلکە گەورەیەی دەیبینن، یەکێکە لە گەورەترین هێلەکان و دەکرێ چەندین گیاندار لەناو ئەو هێلکەیە جێگەی ببێتەوە، لە وڵاتی کەنەدا بیرۆکەی دروستکردنی خانووەکان لە شێوەی هێلکە بچووکەکان بە ئەنجامێکی تەواو گەیاندرا.

ئەو هێلکەیە بریتیە لە خانوویەکی گەشتیاری و بچووك، دەکرێ بۆ هەر شوێنێك ببردرێ، گشت پێداویستییەکی وەك خانووی تیایدا دەستبەدەر دەکرێ، لەوانە (گەرماو – WC.- شوێنی نووستن – شوێنی دانیشتن)، شێوەیەکی هێلکەیی لە خۆوە گرتووە و ڕەنگە لە داهاتوودا ببێتە یەکێك لە شێوەکانی خانوو.

# گەورەترین کەروێشک



کاتێك گیانداران گەشە دەکەن، بەپێ ئەو جیناتەی لە جەستەیان هەیە گەشەکان ناوەستن تا ڕادەیەکی دیاریکراو، کەچی لە هەندێك حاڵەتدا جینەکان بەرەو گۆڕانکاری ڕێگە دەگرن، بۆیە لە شێوەی خۆیان دەرناکەون و بە شێوەیەکی ناسروشتی دەردەکەون، لە وڵاتی بریتانیا یەکێك لە سەیرترین حاڵەتەکان بەدی کرا.

ئەو کەروێشکە ناوی (داریوس)، شێوەیەکی گەورەی لە جەستەدا بەدی دەکرێ، ئەوەندەی منداڵێك دەبێ، درێژی ئەو کەروێشکە دەگاتە (١٠٣) سەنتیمەتر، واتە زیاتر لە مەترێك، لەگەڵ کێشی جەستەی دەگاتە (٢٢) کیلۆگرام، بە بەردەوامی ڕۆژانە نزیکەی (٥٠) گیزەر و (١٠) سێو دەخوات!

# سەرتاشین بە ئاگر

ئەو کەسانەی دەتوانن کارێکی جیاواز بکەن، لە ڕێگەی بەهرەکانیانەوە کار دەکەن کە جێگەی ستایش و سەرەنجڕاکێشان بێ، تەنانەت چەندین ڕێگا دەگرنە بەر بۆ ئەوەی ببێتە ئەنجامی بیرۆکەیەکی سەیر و جوان، ئەوەی دەیبینن سەرتاشێکە، دوای ئەوەی بیری کردۆتەوە لەوەی واز لە مەقەست بهێنێ و بە شتێکی دیکە سەربتاشێ.

لە وڵاتی هیندستان (ئەرامگ) ئەو سەرتاشەیە، دەتوانێ ئاگر بەکاربهێنێ لە جێگەی مەقەست، ئەمەش بۆ بڕینی قژ، کارەکەی سەرکەتوو بووە و تا ئێستاش بە ئاگر سەر دەتاشێ، ئەوەی جێگەی سەیر بێ لە کاتی سەرتاشین هیچ هەڵەیەك ناکات!






# شاراپۆڤا درێژترین خانمی جیهانە

کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان، لە گشت بوارەکان هەر یەکە خاوەن شێوە و ستایلێکی تایبەتن، زیاتریش گرنگی بە جەستەی خانمە هونەرمەند و وەرزشکارەکان دەدرێ، لەوەی کامەیان خاوەن جەستەیەکی جوان و ناسکن، بەمەش دەبێ یەکێك لە خانمە جوانەکان هەڵبژێردرێن لەوەی کامەیان درێژترین باڵایان هەیە لە خانمە بەناوبەنگەکانی جیهان.

ئەمەو یاریزانی تێنسی ڕووسی (ماریا شارابۆڤا) ئەو نازناوەی پێبەخشرا، لەوەی درێژی باڵای دەگاتە (١٨٨) سەنتیمەتر، هەروەها لە پلەی دووەمیش خانمە نمایشکار و گۆرانیبێژی دانیمارکی (بریجیت نیسلن) دێ، کە درێژی دەگاتە (١٨٥) سەنتیمەتر، ئەمەو هەریەکە لەم دوو خانمە بوون بە شاجوانی باڵا لە خانمانی جیهان لە بواری وەرزش و نمایشکاری جلوبەرگدا.





# دۆلفینیش وێــــنە دەکێشێ

کاتێك دەوترێ گیانداران وەك مرۆڤ ناتوانن هەندێك کار بکەن، بەڵام ئەمە راســـت نییە، چونکە چەندین گیاندارمان بینیوە وەکو مــرۆڤ هەندێك کار دەکات، بەبێ ئــەوەی هەڵەیەك بکات، ئەم حاڵەتەش یەکێکە لە کارە ســـەیرەکانی گیانـــداران کە دەتوانێ بە رێگەی ئەو بەهرەیەی هەیەتی کاری پێبکات.

ئەوەی دەیبینـــن دۆلفینە، بەهرەیەکی ســـەیری هەیە، ئەویش بریتییە لە وێنەکێشـــان، وەکو لە وێنەکان دەبینن کاری وێنەکێشان دەکات، هەر جارێك بچێتە ناو ئاو و بگەڕێتەوە، هەندێك لە وێنەکە تەواو دەکات، وێنەکەش بریتییە لە ئاو و کەشتی!



# بوتڵ لە جێگەی بلۆک!

ئەوانـــەی بەهرەمەندن دەتوانن لە شـــتی ســـادە کارێکی گەورە ئەنجام بدەن، تەنانەت بیرۆکـــەکان دەبێتە رێگەیەك بـــۆ ئەوەی لە نزیکـــەوە کارێکـــی وا بکرێ، لە کەرەســـتە بچووکەکان ئەنجامێکی گەورەی هەبێ،، ئەو بیرۆکەیەی چەند گەنجێك لە وڵاتی (ڤێتنام) بووە هۆی بابەتێکی سەیر لە گشت بڵاوکراوە و رۆژنامەکانـــد. بیرۆکەکەش بریتی بوو لە دروســـتکردنی خانوویەك، لە کەرەستەیەکی بـــێ کەڵك کە تەنیا بۆ فرێدان دەبێ، ئەویش بوتڵی ئـــاو و خواردنەوە گازییەکانە، ئەمەش وەك کەرەســـتەیەك لەلایەن ئـــەو گەنجانەوە توانیان سەیرترین و جوانترین دیکۆر و نەخشی خانوویەکـــی بچووك دروســـت بکەن، ئەوەی سەیرە دواوەی بوتڵەکان راستەوخۆ دیکۆرێکی جوانی دروست کردووە.



# ئەمە گەردنە یان سەرە



کاتێك لە جەســـتەی مرۆڤ شتێکی نائاسایی بەدی دەکرێ، دەبێتە حاڵەتێکی ســـەیر لە بەرچاوی گشت کەسێك، بۆیە سەیرە، چونکە یەکێکە لە حاڵەتە تاکەکان، تەنانەت وەك شتێکی جوانیش دادەنرێ، لە وڵاتی چین پیاوێك بەبێ هیچ هۆکارێك بۆتە خاوەنی گەردنێکی گەورە و جوان،

ئەو پیاوە ناوی (تشـــانگ دوو)ە، لە ســـەرەتادا ئەســـتووربوونێکی بچووك لە گەردنیدا دروست بوو، دواتر گەشەی کرد تا گەیشـــتە ئەو رادەیە، شێوەی گەردنی ئەوەندەی سەری منداڵێك دەبێ، بەمەش دەبێتە خاوەنـــی گەورەتریـــن گەردن لە جیهاندا، بۆ چارەسەری بڕی (١٠) هەزار دۆلاری دەوێ، واتـــە نزیکەی دەفتەرێك دۆلار بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بکرێ!

# بڕینی (١١) پەنجەی منداڵێک



دوای ئەوەی منداڵێك لە دایك دەبێ، دواتر دەبینرێ خاوەن کۆمەڵە پەنجەیەکی زیادەیە، ئەمەش وەك حاڵەتێکی نا سروشتی لە کاتی منداڵبوونیدا دەرکەوتووە، ئەمەو ژمارەی پەنجەکانی بریتی بوون لە (٣١) پەنجە، واتە (٧) پەنجەی زیادی لە دەست و قاچی دەبێ، (٦) پەنجەی زیادە لە قاچ، (٥) پەنجەی دیکەش لە دەستی زیاد دەبێ.

ئەوەی سەیر بێ یەکێك لە دکتۆرەکانی وڵاتی چین ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی (١١) پەنجەی ئەو منداڵە بە نەشتەرگەری ببڕێ، ئەو منداڵە ناوی (لی بینگ)ی (٦) ساڵانە، ئەمەو دوای نەشتەرگەرییەکەی کە بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا، توانرا (١١) پەنجە زیادەکەی ببردرێ و دەست و قاچی ببێتە وەك دەست و قاچی منداڵێکی ئاسایی.





# گەورەترین مۆتۆرسکیل جیهانی

دروستکردنی کەرەستە گەورەکان یان بۆ نازناوێکی گەورەیە، یان بۆ ئەوەی ببێتە ریکۆردێکی تازە لە ریکۆردەکانی ژمارەی پێوانەیی (گینس)ی جیهانی، کەچی وادیارە ئەمجارەیان لەگەڵ یەکێك لە کەرەستە گەورەکان، کە جێگەی سەیری گشت کەسێکە، ئەویش دروستکردنی مۆتۆرسکێلێکە لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمریکی.

ئەم مۆتۆرسکێلە شێوەیەکی گەورەی هەیە، بەرزی دەگاتە (٤) مەتر، هەروەها بە درێژی (٥) مەتر دروستکراوە، هەر یەك لە تایەکانی ئەوەندەی ئوتۆمبێلێکی بارهەڵگر دەبێ، بەمەش دەبێتە گەورەترین مۆتۆرسکیلەکانی جیهان.






## بووک و زاوای پیاو

لویس فیتۆن یەکێکە لە دیزانەرەکانی جیهـــان کە لە بـــواری دروســـتکردنی جلوبـــەرگ و دانانـــی ســـتایلەکان بۆ ســـەرتاپای جیهـــان چەندیـــن دیزاینی گرانبەهای بۆ گشـــت مۆدەکان تۆمار کردووە، ئەوەی ســـەیر بێ ئەوەیە دوای ئەوەی بووکە خان دەدۆزێتەوە لە سەیرترین کاری هاوســـەرگیریدا توانیویەتـــی ئاهەنگێکی گەورە ئەنجام بدات.

بووکە خان بریتییە لە مارك جیکۆب، کـــە ئەویـــش هـــاوکاری خۆیەتی لە بواری دروستکردنی جلوبەرگ، ئەگەر ســـەیرێکی وێنەکە بکـــەن، بووکە خان نابینن، چونکە ئـــەوەی درێژەکە بووکە و ئـــەوەی دیکەش زاوایە، کەواتە دەکرێ بڵێین (بووك و زاوای پیاو) !



# کەلـوەکان





### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کەســـێك هەیە بەردەوام لە دژی تۆ قســـە دەکات و هەوڵ ئەدات تورەت بکات، چارەســـەر ئەوەیە هیچ بایەخ بە قســـەکانی نەدەیت لەبەر ئەوەی ناگەیتە هیچ ئەنجامێك لەگەڵ ئەو کەســـەدا، بۆیە واباشترە قسەکانی کاریگەری لەسەرت دروست نەکات.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەگەر نیازی ئەنجامدانی هەندێ گۆڕانکاریت هەیە لە ژیانتدا، ئەوا ماوەیەکی تر چاوەڕوان بە و پەلە مەکە لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیت ئەوە دەخوازێت کە ئەم ماوەیە وەك پێشتر بەردەوام بیت لەسەر ئەو بەرنامەیەی پەیڕەوت دەکرد..



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئێســـتا کاتـــی ئـــەوە هاتووە تواناکانـــت بە دیـــار بخەی و بیسەلمێنی کە توانات هەیە پشت بـــە خۆت ببەســـتیت، چەنـــد کارێکی گرنگ چاوەڕوانت دەکەن ئەگەر بە سەرکەوتوویی کۆتاییان پێ بهێنی، ئەوا دەستکەوتی زۆر گەورە بەدەست دێنیت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بـــاری داراییـــت لەئاســـتی پێویست نییە، ئەوەت لەیاد بێت لەماوەیەکی نزیکدا بڕە پارەیەکت دەست دەکەوێت و چارەسەری هەندێ گرفتت دەکات، پێویســـتت بە بەخت هەیە بۆ ئەوەی ئەو شتەی خەونی پێوە دەبینی بە زووترین کات بێتەدی.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

بیروبۆچوونەکانت روون بکەوە بۆ ئەو کەسەی دەتەوێت بەبێ بوونی هیچ تـــرس و گومانێك لەبـــەر ئەوەی هـــەر تۆ بـــراوە دەبیت و لەبەرژەوەنـــدی تـــۆ کۆتایـــی پێ دێت، چاوەڕوان بە هەواڵێکی زۆر خۆشت پێدەگات لەچەند رۆژی داهاتوودا.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەو شـــتەی دەمێکە خەونی پێوە دەبینی و وات لێهاتبوو بێ هیوا بیت لـــەوەی بێتەدی، ماوەیەکی تر دوا دەکەوێـــت ئەویش بەهۆی ئەو بەربەســـتانەی کە بوونەتە رێگر و پێویستە چارەســـەریان بـــۆ بدۆزیتـــەوە، ئەگەرنـــا زیاتر دوادەکەوێت.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

داوات لێدەکرێـــت بـــۆ بەشـــداریکردن و ئامادەبوون لەئاهەنگـــی کەســـێکی زۆر ئازیـــز و نزیکـــت، ئامادەبوونت وات لێدەکات هەســـت بە ئاسوودەیی بکەی بەتایبەتی کە ماوەیەکی زۆرە بەشداریت لەبۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا نەکردووە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لاپەڕەیەکی نوێ لەنێوان خۆت و خۆشەویستەکەت دەکرێتەوە، لەلایـــەن کەســـێك کـــە جێگای متمانـــەی هەردووکتانـــە، بەمەش کۆتایی بەو دابڕانـــە دێت کە ماوەیەك بوو هۆکاری خەمناکی هەردووکتان بوو.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بە شـــێوازێکی تر سەیری ئەم رۆژانـــەی ژیانت بکە و وامەکە تەنهـــا ناخۆشـــیەك هەمـــوو خۆشـــیەکانت لەبیـــر بباتەوە. ئەگـــەر بیرکردنـــەوەی خۆت بگۆڕیـــت، بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاری باش دێنە پێشـــەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانت باشتر دەبن.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کاتێکی زۆر خۆش بەسەر دەبەیت لەگەڵ ئەندامانـــی خێزانەکەت و بۆت دەردەکەوێت کە ئەو خۆشیەی ئەو کاتە هەستی پێ دەکەی زۆر جیاوازە و ئاســـوودەییەکی زۆرت پێ دەبەخشێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

دڵی کەســـێکی خۆشەویستت لێ رەنجاوە و چاوەڕوانی ئەوەیە ئاشتی بکەیتەوە نەك بەو شـــێوەیەی ئێستا تەنها بیری لێ بکەیتەوە، شکاندنی دڵ زۆر بە ئازارە، بۆیە ســـەردانی بکە و داوای لێبووردنی لێبکە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

قســـەکانی خۆشەویســـتەکەت زۆر کاریگەریت لەســـەر دروست دەکات و وات لێـــدەکات زیاتـــر بڕوات بە خـــۆت هەبێت، لەکاتی بەشداریکردن لـــە ئاهەنگێکـــی خێزانیـــدا چاوت بە چەند هاوڕێیەکت دەکەوێت و یەکێکیان مژدەیەکی خۆشـــت پێدەدات.

ئا/ هێمن قـــەسرەیی
hemntoni@yahoo.com